نێتەوە یەکگرتووەکان و کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق کۆبوونەوە



نێتەوەیەکگرتووەکان رایگەیاند، نوێنەری گشتی نێتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق لەگەڵ سەرۆک و ئەندامانی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی عێراقدا کۆبوونەتەوە و باسیان لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن کردووە.

نێتەوەیەکگرتووەکان باڵوێکردەوە، جەنین پلاسخارت نوێنەری گشتی نێتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق بە هاوڕێی جێگرەکەی، کلێدیە کەردەن بە کاروباری سیاسی و هاریکاریی هەڵبژاردن لەگەڵ سەرۆک و ئەندامانی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنی عێراق لە بەغدا کۆبوونەتەوە و باسیان لە ئەنجامدانی هەڵبژاردن کردووە.

ئاماژەی بۆوش کردووە، سەرۆک و ئەندامانی دەستەی کۆمیسارانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان زانیاری تەواویان سەبارەت بە دواپین ئامادەکارییەکان بە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان داوە بە شاندی نێتەوە یەکگرتووەکان.